# فتوای ئیسلامی دەربارەی رۆژوو و پێویستی یەکانی

## کەسێک بمرێت نوێژو رۆژوو قەرزار بێت

پرسیار: ئەگەر یەکێک نوێژو رۆژوو قەرزار بێپ ئایا دروستە یەکێکی تر لە جیاتی ئەو نوێژو رۆژووەکەی بۆ تەواو بکات لە کاتێکدا ئەو مرد یاخێری بۆ بکات بە پارەو دانەوێڵە یان بە قورئان خوێندن بۆی؟

وەڵام: ئەگەر یەکیک رۆژووی فەرزی لەسەر بوو دەیتوانی بیگرێ بەڵام نەیگرت بەبێ هۆ دروستە یەکێکی تر بۆی بگرێ لە دوای مردنی ئەو کەسە وەدەبێت یەکێک لە خزمەکانی بۆی بگرێت چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە فەرموودەیەکدا کە ( بخاری و مسلم ) ریوایەتیان کردووە دەفەرموێت: ( هەر کەسیک مرد رۆژوو قەرزار بوو ئەوا با یەکێک لە خزمەکانی بۆی بگرێت و تەواوی بکەن بۆی) بەڵام نابێ خێری بۆ بکەن بە فارەو دانوێڵە یا خود بە قورئان خوێندن بۆی بەڵکو دەبێ تەنها رۆژووی بۆ بگێڕنەوە. وەسەبارەت بە نوێژیش ئەگەر یەکێک خۆی نەیکات کەس بۆی نی یە لە دوای مردنی بۆی تەواو بکات ئینجا بە هەر شێوەیەک بێت **(اللجنة الدائمة)**

.

## خوێن دەرهێنان لە لەش لە کاتی بەرۆژوو بوون

پرسیار: حوکمی ئەو کەسە چی یە کە لە کاتی بەرۆژوو بووندا خوێن لە دەستی دەربهێنرێت بە نیەتی شیکردنەوە (تحلیل)؟

وەڵام:ئەم جۆرە شی کردنەوانە رۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە ژونکە زۆر جار مروڤ پێویستی پێیان هەیە وەلو جۆرە شتانە نی یە کە شەرعی ئیسلام بە بەتاڵ کەرەوەی رۆژوی ئەژمێرێ. **(ابن الباز)**

## نەگرتنی رۆژوو بەیانووی شەرعی

پرسیار:برایەک دەپرسێ دەڵێ دایکم پێش (24) ساڵ لەمەوە پێش رۆژووی رەمەزانی ئەو ساڵەی نەگرتووە چونکە لو مانگەدا منالڕی بووە بەڵام دوای تەواو بوونی مانگەکە رۆژووەکانی نەگرتووەتەوە چونکە نەی دەزانی ئەگەر یەکێک بە بیانووی شەرعی رۆژوو نەگرێت دەبێ دوای رەمەزان بیگێرێتەوە,دایکم ئێستا زانیوێتی کە دەبێ ئەو رۆژووانە بگرێتەوە, جا داواکارم بۆم روون بکەنەوە کە دایکم چی بکات ؟

وەڵام: پێویست وایە لەسەری کە بە زووترین کات رۆژووی ئەو مانگە بگێرێتەوە ئەگەر لە دوای یەک بوون یا خود بە تەنها تەنها بوو هیچی لەسەر نی یە بەڵام دەبێ بزانێت لەو ساڵەی کە رۆژووەکەی نەگرتووە خەڵکی چەند رۆژیان گرتووە(29–30) دەبێ ئەویش ئەوەندە بگرێتەوە وە پێویستە خێریش بکات بۆ کەفارەتی دوا خستنی ئەم رۆژووانە

خێرەکەش بریتی یە لە(45) کیلۆ برنج بە سەردەمی ئیستا ئەگەر هەرشتێکی تر کە لەو وولاتە باە کە جێگەی ئەم برە برنجە بگرێتەوە. **(ابن الجبرين)**

## نووستن و پاڵکەوتنی رۆژوو گر

پرسیار: برایەک  لە میسرەوە دەپرسێ دەڵێ لە مانگی رەمەزاندا زۆربەی کاتەکان بە خەوتن و پاڵ کەوتن دەبەمە سەرئایا ئەم کارە لە دروستی رۆژووەکەم دەکات؟

وەلآم: نەخێر کار لە دروستی رۆژەە*ک*ت ناکات بەڵکو پاداشتت زیاتر دەکات پێغەمبەر   صلى الله عليه وسلم بە عائشەی فەرمووە( پاداشتی رۆژوو گرتنەکەت بە قەد ماندوو بوونتە لەو رۆژوو گرتنەت )
**( ابن العثيمين)**

## لەش گرانی (الاحتلام) رۆژوو بەتاڵ ئەکات

پرسیار: بریەک لە سودان دەپرسێ و دەڵێ ئایا لەش گرانی لە رەمەزاندا رۆژوو بەتال ٚدەکات؟

وەلآم: لەش گرانی لە رۆژدا لە رەمەزان رۆژوو بەتاڵ ناکات چونکە ئەم لەش گرانی یە بە دەستی خۆی نی یە وەئەگەر هاتوو چەند جارێکیش دووبارە بووەوە هەروەها لە شەویشدا رۆژو بەتال ٚناکات بەڵکو چونە لای خێزان بەشەو رۆژوو بەتاڵ ناکات چ جای لەش گرانی چونکە خوای گەورە دەفەرموێ (احل لكم ليلة الصيام الرفث الى نسائكم) واتە لە شەوی رەمەزان بۆتان هەیە بچنە لای خێزانەکانتان. **(ابن الجبرين)**

## رشانەوە لە کاتی بە رۆژوو بوندا

پرسیار: حوکمی ئەو کەسە چی یە ئەگەر بە خۆی رشانەوەی هێناوە؟ وە حوکمی ئەو کەسە چی یە بەبێ ویستی خۆی برشێتەوە؟

وەلآم:ئەگەر یەکێک بە خۆی رشانەوەی خۆی هێنایەوە وەک (دەستی لە دەمی بنێ) رۆژووەکەی بەتاڵە وە پێویستە لە سەری رۆژووەکە بگرێتەوە چونکە پێغەمبەر     صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ( هەرکەسێ خۆی رشاندەوە با رۆژووەکەی بگێرێتەوە جارێکی تر) واتە(رۆژووکە باتاڵە) بەلآم ئەو کەسەی بەبێ ویستی خری دەرشێتەوە ئەوا رۆژووەکەی بەتاڵ نابێت چونکە پێغەمبەری خوا  دەفەرموێ: ( هەر کەسێ بەبێ ویستی خۆی رشاوە ئەوا رۆژووەکەی بەتاڵ نییە ئەگەر بە ویستی خۆی رشاوە ئەوا رۆژووەکەی بەتاڵە)
**(الفوزان)**

## پارشێو خواردن لەگەڵ بانگی بەیانی

پرسيار: يەكێک دەپرسێ و دەڵێ شەو هەڵساوم لە خەو سەيرم كرد وام زانی كەوا شەو هەر ماوە نانم خوارد دەستم كرد بە نان خواردن هەتا گوێم لە دەنگی بامگ بوو پارووييەكم لە دەمدا بوو كە گوێم لە دەمگی بانگ بوو پارووەكەی ناو دەستم فڕێ دا ئايا ڕۆژووەكەم بە جۆرە دروستە يان نا؟

وەڵام:بەڵێ ڕۆژووەكەت دروستە چونكە نانت نەخواردووە پاش ئەوەی بۆت ڕوون بوەوە بەيانی يە . ( ابن العثيمين)

## دەرزی لێ دان لە ڕەمەزاندا

پرسيار:ئايا دەرزی لێ دان لە ڕۆژەكانی ڕەمەزان دروستە يان نا؟

وەڵام: دەرزی لێ دان دوو جۆرە جۆرێكيان لە جياتی خۆراک بە كا دێ وەک (مغذي) ئەمەيان ڕۆژوو بەتاڵ دەكات چونكە حيكمەت لە ڕۆژوو گرتن ئەوەيە خواردن نوخوات ئەم دەرزيەش شێوەيەكە لە شێوەكانی خۆراک خواردن جۆرەكەی تری وەک خۆراک بە كار نايەت بەڵكو هەر بۆ دژە نەخۆشی يە ئەمەيان ڕۆژوو بەتاڵ ناكات چونكە بە خۆراک خواردن ناژمێردرێ. ( ابن العثيمين)

## گوڵاو (عەتر) لە خۆدان لە ڕۆژەكانی ڕەمەزان

پرسيار: برايەک لە بەحرێنەوە دەپرسێ و دوڵێ حوكمی ئەو كەسە چی يە كە لە ڕۆژەكانی ڕەمەزان گوڵاو بەكار دەهێنێ؟

وەڵام: هيچی لەسەر نی يە ئەگەر بەكاری بهێنێ ياخود بۆنی بكات تەنها نەبێت بخور نەبێت چونكە دەكەڵی هەيە ئەم دوكەڵە دەچێتە ناو گەدە. ( ابن العثيمين)

## وولاتێک بانگی ئێوارەی تيا دوا بكەوێ

پرسيار: ئێمە لە وولاتێكين كەوا بانگی ئێوارە نزيكی كاتژمێر (9) بانگ دەدات ئايا ئێمە كەی ڕۆژژووەكەمان بشكێنين؟

وەڵام: ڕۆژووەكەتان بشكێنن كە ڕۆژ ءاوا دەبێت با ڕۆژيش لەو وولاتەدا درێژ بێت مادەم شەوو ڕۆژێكتان (24) سەعاتە.

( ابن العثيمين)

## سەفەر كردن بۆ خوێندن نابێتە بيانووی شەرعی بۆ نەگرتنی ڕۆژوو لە مانگی ڕەمەزان

پرسيار: پێش چەند ڕۆژێک چووم بۆ وولاتی ميشر يۆ چارەسەر كردن لە يەكێک لە نەخۆشخانەكانی دەروونی كە مانگی ڕەمەزان هات بە ڕۆژوو نەبووم چونكە نەم توانی وە لەم ڕۆژانەش دەچم بۆ بەريتانيا بۆ خوێندن ئايا دەتوانم دوای گەڕانەوە بۆ وڵات بيگێرمەوە؟

وەڵام:پێويستە تا زووە بيگێريتەوە بەڵام ئەگەر دوات خست تاوەكو ڕەمەزانێكی تری بەسەر چوو بەبێ هۆ ئەوا لەگەڵ ڕۆژوو گرتنەوەكە دەبێ كەفارەتی دواخستنەكەش بدەی ئەويش تێر كردنی هەژارێكە لە بری ڕۆژێک.

بەڵام بزانە سەفەر كردن نابێتە بيانووی شەرعی بۆ نەگرتمی ڕۆژوو لە ڕەمەزان چونكە قوتابی دەتوانێ بەرۆژوو بێت و خوێندنيش بكات.

( ابن العثيمين)

## برۆژوو بوونی کرێکار

پرسیار:یەکێک لە ووتار پێژەکانی هەینی لە دووەم رۆژی رەمەزان فتوایدا کەوا دروستە بۆ کرێکارێک زۆر ماتدوو بێت لە کارەکەی وە هیچ خەرجیەکی تری نەبێت دەتوانێ بەرۆژوو نەبێت بەلاَم کەفارەتەکەی بدات کە ئەویش (15) درهەمە بۆ هەر رۆژێک جامنیش پرسیار لە ئێوە دەکەم ئایا ئەم فتوایە ڕاستە یان نا؟

وەلاَم:نابێت بەرۆژوو نەبێت بۆ کەسەی کە رۆژووی لەسەرە تەنها لەبەر ئەوەی کرێکارە بەلاَم ئەگەر تووشی ئێش و ئازار و ماندوو بوونێکی زۆر هات ئەوا ئەتوانێ شتێک بخوات تاوەکو ناخۆشی یەکەی لەسەر لابچێ بەلاَم پێویستە لەسەری هیچی تر نەخوات هەتا خەلَکی رۆژوو دەشکێنین وە ئەم رۆژەش بگرێتەوە وە ئەو فتوایەی باست کرد ڕاست نی یە.

(اللجنة الدائمة

## چونە لای خێزان لە رۆژانی رەمەزان

پرسیار: حوکمی ئەو کەسە چی یە لە رۆژانی رەمەزان بچێتە لای خێزانی؟ وە ئەگەر هاتوو لە شەودا بوو حوکمی چی یە و کەفارەتەکەی چی یە؟

وەلاَم: هەرکەسێک بچێتە لای خێزانی لە شەوانی رەمەزاندا هیچی لەسەر نی یە بەلاَم ئەگەر لە رۆژانی رەمەزاندا بوو (لە دوای بانگی بەیانی تاوەکو بانگی ئێوارە) ئەوا گوناهبارە و سەرپێچی خوای گەورەی کردووە و رۆژووەکەشی بەتالَە و دەبێ بیگێریتەوە و کەفارەتەکەشی بەندەیەک ئازاد بکات یان دوو مانگ بەرۆژوو بێت یان دەبێت (60) هەژار تێر بکات جا ئاسایی یە کامەی بکات. (اللجنة الدائمة

## بەرۆژوو بوونی موجاهید لە رەمەزاندا

پرسیار:ئایا دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە بەرامبەر دوژن شەڕ دەکەن بە رۆژوو نەبن دوایی بیگێرێتەوە؟

وەلاَم: ئەگەر هاتوو موجاهیدەکان لە شەڕدا بوون بەرامبەر کافران لە شوێنێکی دوور لە وولاَتەکەیان کە حوکمی سەفەری هەبێت ئەوسا موجاهیدان دەتوانن بەرۆژوو نەبن لە رەمەزان دوایی بیگێرێتەوە,بەلاَم ئەگەر هاتوو موجاهیدان لە شارەکەیانەوە نزیک بوون وەک ئەوەی دوژمن هێرش بهێنێتە سەریان لەو کاتەدا ئەگەر موجاهیدەکە توانی بە رۆژوو بێت و شەڕ بکات واجب دەبێت لەسەری بەرۆژوو بێت بەلاَم ئەگەر نەیتوانی بە رۆژوو بێت و شەڕ بکات ئەوا بۆی دروستە بەرۆژوو نەبێت دوایی بگێرێتەوە. (اللجنة الدائمة

## یەکێک نەتوانێ رۆژوو بگرێ

پرسیار: ئەکێک دەپرسێ دەلَێ مامێکم هەیە تەمەنی زۆر بە سالاَ چووە وای لێ هاتووە کەس ناناسێ وە چوار ڕووکەش ( واتە باکوور و باشوور و ڕۆژهەلاَت و رۆژئاوا) ناناسێ وەک منالَێکی تازە لە دایک بووی لێ هاتووە جا لەبەر ئەوە نە نوێژ دەکات و نەرۆژوو دەگرێت ئایا دەتوانم لە جیاتی رۆژوو و نوێژەکەی خێری بۆ بکەم چونکە هەر من بەخێوی دەکەم و بە پەڕۆشم بۆی؟

وەڵام: ئەگەر مامت ئەو حاڵەتەی بەسەردا هاتبێ کەوا کەس نەناسێ و چوار رووەکە نەناسێ.....هتد ئەوا هیچی لە شەرتی یە نە نوێژ کردن نە رۆژوو گرتن وە هیچ پێویستی بە خێرکردن نی یە بۆی لە جیاتی نوێژو رۆژووەکەی. (اللجنة الدائمة

## بەرەکەتی پارشێو

پرسیار: برایەک لە میسرەوە دەڵێ پێغەمبەر دەفەرموێ (پارشێو بخۆن چونکە پارشێو بەرەکەتی تێدایە) ئایا پێغەمبەر مەبەستی چی یە لە (بەبکەتی پارشێو) ؟

وەڵام:بەرەکەتی پارشێو دوو جۆرە جۆرێکیان پەیوەندی بە شەرعەوە هەیە جۆرەکەی تریان پەیوەندی بە لەشەوە هەیە ئەوەی پەیوەندی بە شەرعەوە هەیە سوننەتێکی پێغەمبەر بە جێ دەگەینێ لە هەڵسانەوەی بۆ پارشێو وە ئەوەی پەیوەندی بە لەشەوە هەیە ئەگەر پارشێوی خوارد توانای لەشی بەهێز دەبێت بۆ بەیانی لە کاتی بەرۆژوو بووندا. ( ابن العثیمین)

## بەرۆژوو بوونی ئافرەتێک خوێنی بێ نوێژی لێ بێت

پرسیار:ئایا دروستە بۆ ئافرەتێک بە رۆژوو نەبێت کە خوێنی بێ نوێژی لێ بێت دوایی لە رۆژێکی تر بیگرێتەوە؟

وەڵام:نابێت لەسەر ئافر*تی بێ نوێژ بەرۆژوو بێت وە دروست نی یە بەم شێوەیە رۆژووەکەی وە پێویستە لەسەری کەی پاک بووەوە ئینجا بیگێرێتەوە. (اللجنة الدائمة

## بە کارهێنانی سیواک لە کاتی بەرۆژوو بووندا

پرسیار:ئایا حوکمی بە کارهێنانی سیواک چی یە لە رەمەزاندا؟

وەڵام:خوای گەورە پێ ی خۆشە مەسڵمان سیواک بە کار بهێنێت جا چ بەرۆژوو بێت یان بە رۆژوو نەبێت بەڵام هەندێک لە زانایان بە باشی نازانن بۆ یەکێ بەرۆژوو بێت لە دوای نیوەڕۆ بەولاوە بەڵام راستر وایە هیچی تێدانی یە ئەگەر هاتوو یەکێک بە رۆژوو بێت و بەکاریشی بهێنێت چونکە بەڵگەکان بە گشتی ئەمە دەسەڵمێنن وەلەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە عامری رەبیعە ئەیگێرێتەوە (پێغەمبەرم بینی لە کاتی بەرۆژوو بوونی دا چەند جار سیواکی بە کار دەهێنا کە بۆم نە دەژمێردرا رواه احمد و ابو داود والترمذي بسند حسن وە عائشە خوای لێ ی رازی بێت دەفەرمووێ( باشترین سیفەتی بەرۆژوو بوو بەکار هێنانی سیواکە)رەواە ابن ماجە. (الفوزان)

## تام کردنی خۆراک بۆ کەسێک بە رۆژوو بێت

پرسیار: ئایا دروستە بۆ یەکێک کەوا بەرۆژوو بێت تامی خواردن بکات؟

وەڵام:بەڵێ دروستە بە مەرجێ قووتی نەدات (الفوزان)

## خۆ ماندوو كردن لە رەمەزان لە خوا پەرستی دا و تەمبەڵی و ستی لە مانگەكانی تردا

پرسیار: ئایا حوكمی ئەو كەسە چی یە كە لە رەمەزان زۆر خۆی ماندوو بكات لە خوا پەرستی دا كەچی لە مانگەكانی تردا هیچ شتێك ناكات وەك (نوێژ,رۆژوو,قورئان خوێندن...) وەكو بلێی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كرد بێتە بەڵگە (رەمەزان بۆ رەمەزان كەفارەتی گوناهی نێوانیانە)؟

وەڵام:ئەم جۆرە كەسانەی كە لە مانگی رەمەزاندا هەوڵ بۆ كارو كردەوەی چاك دەدەن بەڵام لە مانگەكانی تردا هیچ ناكەن لە كاری چاكە ئەمانە جێ ی مەترسی یە كەوا كارەكانی رەمەزانیشیان لێ وەبگیرێ چونكە یەكێك لە مەرجەكانی تۆبە كردن هەوڵدانە بۆ مەگەرانەوە بۆ ناو گوناهەكان وە كاتێك لە سەلەفی صالحیان پرسی دەربارەی ئەم جۆرە كەسانە فەرموویان ئە جۆرە كەسانە خوا ناناسن تەها لە رەمەزان نەبێت وە ئەم فەرموودەیەی سەرەوەش بۆیان نابێتە بیانوو چونكە تەواو كەری فەرموودەكە ئەوەیە(تەها گوناهی گەورە نەبێت) ترك كردنی نوێژ و رۆژووش لە گوناهە گەورەكانن واتە بەتەوكردنێكی راستەقینە نەبێ كارو كردەوەكانیام وەر ناگیرێ. (الفوزان)

## دواخستنی گێرانەوەی رۆژووی رەمەزان

پرسیار: ئایا دروستە رۆژووی رەمەزان دوا بخرێ بۆ زستان؟

وەڵام: پێویستە لەسەر موسڵمانان ئەگەر رۆژووی فەرزیان لەسەر بوو بەزووترین كات بیگێرنەوە چونكە نەوەك تووشی نەخۆشی بێت یان تووشی گیروگرفتێك بێت یاخود بمرێ بەڵام ئەگەر دوا خست بۆ زستان لە بەر ئەوەی رۆژ لە زستان كورتە دروستە و هیچی لەسەر نی یە. **(ابن الجبرين)**

## رۆژوو گرتن لە سەفەر

پرسیار:ئایا ئەو كەسەی لە سەفەرە مەرجە سەفەرەكەی ماندووی بكات یاخود دوور بێت و ناخۆش بێت تاوەكو رۆژوو نەگرێت وە ئایا جیاوازی هەیە لە سەفەری یەكێك بە پێ بڕوات یان بە سوار یان بەسەیارە یاخود بە تەیارە وە ئایا ئەگەر توانی لە سەفەرەكەی بە رۆژوو بێت باشتر وایە بە رۆژوو بێت یان نا؟

وەڵام: ئەگەر هاتوو یەكێك لەسەفەر بوو جا هیچ جیاوازی یەكی نی یە لە نێوان ئەوەی ماندوو بێت یان ماندوو نەبێت بە پێ بێت یا خود بە هەرشتێكی تر بڕوات بۆی هەیە بەرۆژوو نەبێت چونكە بەڵگەمان لەسەر درووستی بەرۆژوو نەبوونی سەكێك هەیە لە سەفەر بێت وە هیچ مرجێم نی یە بۆ چۆنی یەتی سەفەرەكە هاوەڵانی پێغەمبەر لە سەفەرەكانیان هەندێكیان بەرۆژوو دەبوون و هەندێكیان بە رۆژوو نەدەبوون كەچی هیچ لایەكیان ئەوەی تریانی بە كەم تەرخەم نەدەزانی بەڵام دڵنیا ترە بۆ موسڵمان لەسەفەر بەرۆژوو نەبێت بە تایبەتی رێگاكەی نا خۆش بێت

لە كاتێكیشدا واجب دەبێت بە رۆژوو نەبێت لە سەفەرەكە حاڵەتێكی لە ناكاویان تووش ببێت وەك شەڕو جەنگ جابر دەگێرێتەوە كەوا جاریەكیان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەسەفەر بوو بینی خەڵكی لە دەووری پیاوێك كربوونەتەوە لە هۆش خۆی چووە فەرمووی ئەوە چی یە ووتاین پیاوێكی بە رۆژوو بووە فەرمووی چاكە ئەوە نی یە ئێوە بەرۆژوو بن

لەسەرفەر                                    رواهـ                                    مسلم

**(اللجنة الدائمة)**

## نێردراوێک بۆ وولاتێک

پرسیار:ئێمە کۆمەلێکی نێرداوین بۆ وولاتێک هەندێکمان ماوەی سالێک هەندێکی ترمان دووساڵە هەندێکی ترمان سالێک و چوار مانگ ئایا حوکمی مسافر لەسەر ئێمە دەمێنێ؟ وە بۆمان هەیە بەرۆژوو ببین؟

وەلام:ئەم کێشەیە زاناکان و شارەزاکانی ئایین(جمهور) و چوار مەزهەبەکە ناکۆکن هەندێکیان دەڵێن حوکمی مسافری لەسەر نامێنێ وە دەبێ بە رۆژوو بێت و نوێژ کورت نەکاتەوە وە مەسحس خوف نەکات لە شەو و رۆژێک زیاتر هەندێکی تر لە زانایان دەڵێن حوکمی مسافری هەر بۆ دەمێنێ با چەند سالێکیش تیایدا بمێنێتەوە.

ئەمە رای(ابن تیمیه و ابن القیم)ە وە ئێمەش ئەمە بە راستر دەزانین چونکە هاتووە عبد الله کوری عمر(6) مانگ لە ئازربەیجان بوو لەو ماوەیەدا تاوەکو هاتەوە هەر نوێژی تێدا کورت دەکردەوە. کەواتە دیارە حوکمی مسافری هەر لەسەر ماوە بۆیە نوێژی کورت دردەوە چونکە نوێژ کورت کردنەوە تەنها بۆ مسافرە ئەگەر دلت پێ ی ئارام نەبوو دەتوانی بە رۆژوو بی و نوێژ کورت نەکەی ئەمە رای ئێمە و رای ابن تیمیه یە.                    **( ابن العثیمین)**

## منالەکەم بچوکە

پرسیار من منالەکەم بچووکە وە سوورە لەسەر بەرۆژوو بوون لەگەلْ ئەوەی کەوا رۆژوو خراپە بۆی لەبەر بچوکی تەمەنی و تێکچونی تەندروستی ئایا بۆم هەیە کە توندو تیژی لەگەلْ بە کار بهێنم بۆ ئەوەی بە رۆژوو نەبێت؟

وەلام: منالْ ئەگەر نەگەیشتبووە تەمەنی هەرزەکاری رۆژووی لەسەر نی یە بەلام ئەگەر زەرەر و زیانی بۆ منالەکە نەبوو ئەوا پێ ی دەوترێ بەرۆژوو بێت چونکە منالەکانی هاوەلانی پێغەمبەر  بەرۆژوو دەبوون هەتا  مندالی بچووک دەگریا شتی یاری کردنیان دەدا دەستی بۆ ئەوەی لە بیری بچێت بەلام ئەگەر زانیت زەرەری هەیە بۆ منالەکە ئەوا نابێ بهێلی بە رۆژوو بێت سەبارەن بە توندو تیژی بە کار هێنان لەگەلی نابێ بە کار بێت چونکە نابێت منالْ لە کاتی پەروەردە کردنی توندو تیژی لەگەلْ بەکار بهێنرێت.

## قسەی بێ ماناو و ناشیرین پاداشتی رۆژوو کەم دەکاتەوە

پرسیار: ئایا قسەی بێ ماناو ناشیرین لە کاتی برۆژوو بووندا رۆژوو بەتالْ دەکات؟

وەلام:ئەگەر سەیری ئەم ئایەتە بکەین ( **يأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ** )کەواتە دەزانین حیکمەت لە رۆژوو چی یە کە ئەویش لە خوا ترسان پەیدا کردنە وە دوورکەوتنەوەیە لە هەموو ئەو شتانەی خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە لێ ی دوور بکەوینەوە وەک جنێو دان و درۆ کردن و قسەی ناڕەوا و قسەی ناشیاو بێ رەوشت ئەگەر یەکێک بتوانێ بۆ ماوەی یەک مانگ زمانی خۆی رابهێنێ لەسەر نەکردنی ئەم قسانە لە هەمان کاتدا دەتوانێ هەموو سالەکەش قسەی وا نەکات بەلام بەداخەوە هەندێک لە بەرۆژوو بووەکان جیاوازی نابینن لە نێوان ئەوەی کە بەرۆژوون یاخود نا ئەو قسەو شتانەی کە پێش رۆژوو بوون دەی کردوو دەی ووت لە کاتی بەرۆژوو بوونیش دووبارەی دەکاتەوە.ئەم شتانە رۆژوو بەتالْ ناکەن بەلام لە پاداشت و خێری رۆژووەکەی کەم دەکاتەوە جاری وا هەیە

تاوانەکەی ئەوەندە زۆر  دەبێت لەگەڵ خێری ڕۆژووەکەی یەکسان دەبێت لەو کاتەدا هیچ خێرێکی بۆ نامێنێت. ( ابن العثیمین)

## خوانی ئێوارەی ڕەمەزان

پرسیار: ئایا زۆر خواردن دانان و چەندین زۆر کردنی خواردن لە سەر خوانی ئێواران لە مانگی ڕەمەزان کار ناکاتە سەر کەم کردنەوەی خێری ڕۆژوو؟

وەڵام: لەخێری ڕۆژوو کەم ناکات وەهێچ کارو کردەوەیەک لە دوای ڕۆژوو شکاندن کار ناکاتە سەر ڕۆژوو بەڵام ئەم کارەی ئێوە بەبەر ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەکەوێت( وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ ) واتە بخۆن و بخۆنەوە بەڵام زیادە ڕەوی تێدا مەکەن زیادە ڕەوی لە خواردن و خواردنەوە خۆی لە خۆیدا ڕێپێنەدراوە نەوەک لەبەر ڕەمەزان وەئەگەر ئەوان شتێکی زیادیان هەبوو با بیکەن بە خێر. ( ابن العثیمین)

## ئەو ڕۆژانەی کە نابێ تیایدا  بە ڕۆژوو ببیت

پرسیار: برایەک لە میسرەوە پرسیار دەکات دەڵێت ئایا ئەو ڕۆژانەی چین کەوا تێیدا نابێ بە ڕۆژوو ببیت؟

وەڵام:ئەو ڕۆژانە ڕۆژی هەینی نابێ تێیدا بە ڕۆژوو بیت پێغەمبەر  صلى الله عليه وسلم نەهی لێ کردووە بە مرجێک نەبێت ئەگەر هاتوو تەنیا هەینی نەگرێت بەڵکو شەممەش لەگەڵیدا بە ڕۆچوو بێت یاخود پێنج شەممە لەگەڵیدا بگرێت وەڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و ڕۆژی جەژنی قوربان وەڕۆژەکانی (ايام التشريق) ئەم ڕۆژاەنە  سێ ڕۆژەکەی دوای جەژنی قەربان دەگرێتەوە وەهەروەها ڕۆژی گومان واتە (يوم الشک)  کە ئەویش ڕۆژی (30) شەعبانە ئەگەر هاتوو مانگی تێدا دەرنەکەت لەم ڕۆژەدا نابێ بەڕۆژوو بیت وە جیاوازیش نی یە لەوەی کەوا مانگ لەبەر ئەوەی هەوورو باران بوو دیار نەبوو یاخود ساماڵ بوو بەڵام هەر خۆی دیار نەبوو ئەمەش ڕاسترین قسەی زانایانە. (ابن الجبرين)

## ئایا (31) ڕۆژ بەڕۆژوو ببین

پرسیار: ئەگەر هاتوو لە سعودیە بەڕۆژوو بووین یەکەم ڕۆژ دوایی چووین بۆ ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە لەوێ ساڵی هیجری یەک ڕۆژ دوا دەکەوێ ئایا لەگەڵ ئەوان ڕۆژووەکە تەواو بکەین یاخود وەکو خەڵکی سعودیە؟

وەڵام:ئەگەر هاتوو لەووڵاتێک  بەڕۆژوو بووی دوایی چووی بۆ ووڵاتێکی تر ڕۆژووەکەت لەگەڵ خەڵکی ئەو ووڵاتە تەواو بکە کە چووی بۆی وەئەوان ڕۆژیکیان زیاد کرد تەها بۆ تۆ زیادە چونکە تۆ ڕۆژێک پێش ئەوان بە ڕۆژوو بوویت بەڵام ئەگەر ئەوان کەمتریان گرت واتە بۆ تۆ نەبو بە (29) ڕۆژ ئەوا دەبێ تۆ ڕۆژێکی تریش بگری چونکە ڕەمەزان نابێ لە (29) کەمتر بێت. (ابن الباز)

## ئایا قەترەی چاو ڕۆژوو بەتاڵ دەکات

پرسیار: بەکار هێنانی دەرمانی دلۆپەی چاو لە مانگی رەمەزان رۆژوو بەتاڵ دەکات یان نا؟
وەڵام:ناکۆکیەک هەیە لەسەر ئەم کێشەیە لە نێوان زانایان راستر ئەوەیە کەوا رۆژوو بەتاڵ ناکات چونکە ئەم جۆرە دەرمانانە خۆراک نی یە و بەرێگای دەم ناچێتە ژوورەوە جا چ لە چاە بێت یاخود گوێ بکرێت بەڵام باشتر وایە لە شەوا بیکەی. (ابن الباز)

## بە کار هێنانی حەبی مەنع

پرسیار:ئایا درووستە بۆ ئافرەت کەوا دەرمانی واگرتنی خۆێنی حیض بە کار بهێنێت لەرەمەزان؟

وەڵام: دروستە بۆی کەوا بە کاری بهێنێت بەڵام بە مەرجێک خەڵکی شارەزاو پزیشکی متمانە پێکراو بڵێ زیانی پێ ناگەیەنێ وە زیان بە کۆ ئەندامی منداڵ بووی ناگەیەنێ بەڵام باشتر وایە بە کاری نەهێنی چونکە خوای گەورە ڕێ ی پێ داوە کە بە رۆژوو نەبێت ئەگەر لە رەمەزان خوێنی حیض لێهات دەتوانێ رۆژانێکی تر بیانگرێتەوە. (ابن الباز)

## مردن لە رەمەزاندا

پرسیار: پێغەمبەر دەفەرموێ( ئەگەر رەمەزان هات دەرگاکانی بەهەشت دەکرێتەوە وە هەموو دەرگاکانی جەهەننەم دادەخرێ) ئایا مانای فەرمووەدەکە وایە هەرکەسێک بمرێ لە رەمەزان بەبێ حیساب دەچێتە بەهەشت؟
وەڵام: ئەم فەرمووەدەیە ئەم مانایە ناگەیەنێ بەڵکو مانای ئەوەیە کاتێک دەرگاکانی بەهەشت دەکرێتەوە موسڵمانەکان چالاکتر دەکات لەسەر کاری خێر چونکە ئەمە وەکو هاندانێکە وە داخستنی دەرگاکانی جەهەننەم ئەمەش هەر هاندانێکە بۆ دوور خستنەوە موسڵمان لە تاوان ( ابن العثیمین)

وەرگێران:::: الیاس محمد کوری

www.regayrasty.com